# ئەم كۆمەڵانە
# لە حەفتاو دوو پارچەكەن

لە فەتواكانی گەورە زانایان

**الشيخ عبدالعزيز بن عبدالله بن باز (رحمه الله).**

**الشيخ محمد ناصرالدين الألباني (رحمه الله).**

**الشيخ صالح بن عبدالله الفوزان (حفظه الله).**

**الشيخ بكر بن عبدالله أبو زيد (رحمه الله).**

وەرگێڕانی

**عبدالله خالد**

كۆكردنەوەی: **مكتبة الفرقان/ عجمان-ا.ع.م.**



## پێناسەی پەرتوك

**ناوی كتێب:** ئەم كۆمەلانە لە حەفتاو دوو پارچەكەن.

**ئامادەكار:** **مكتبة الفرقان/ عجمان-ا.ع.م.**

**ناوی وەرگێڕ:** **عبدالله خالد عبدالحميد**

**ژمارەی سپاردن:** ژمارە (**١٤٧٥**) پێ دراوە لە لایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە .

**زنجیرە:** زنجیرەی (٦) لە زنجیرەی لادانی شوبهەو گومان لەسەر سەلەفیەت.

**نۆرە و ساڵی چاپ:** یەكەم ـ ( **١٤٣١ هـ / ٢٠١٠ز**) .

**تیراژ:** ( ١٠٠٠ ) دانە.

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

## پێشەکی وەرگێڕ:

إِنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذُ بِاللهِ من شُـرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِه اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَـلا هَادِيَ لَهُ ، وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ ، وَأَشْـهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ .

﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اتَّقُواْ اللّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلاَ تَمُوتُنَّ إِلاَّ وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ ﴾[ آل عمران : ١٠٢ ] .

﴿ يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُواْ رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالاً كَثِيرًا وَنِسَاء وَاتَّقُواْ اللّهَ الَّذِي تَسَاءلُونَ بِهِ وَالأَرْحَامَ إِنَّ اللّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا ﴾ [ النساء : ١ ] .

﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَن يُطِعْ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا ﴾ [ الأحزاب : ٧٠ ـ ٧١ ] .

أَمَّا بَعْدُ : فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيْثِ كِتَابُ اللهِ وَخَيْرَ الهَدْيِ هَـدْيُ مُحَمَّـدٍ ﷺ وَشَرَّ الأُمُوْرِ مُحْدَثَاتُهَا وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ .



لەسەرەتادا پێم خۆشە بە جوانترین وشەو بەڕاسترین ووتە دەست پێبکەم کە ئەویش ووتەی خوای گەورەیە، پەروەردگارمان دەفەرمووێت: ﴿وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَا تَنَٰزَعُواْ فَتَفۡشَلُواْ وَتَذۡهَبَ رِيحُكُمۡۖ ...﴾ الآية / الأنفال: ٤٦، واتە: (ئەی گرۆی بڕواداران گوێ ڕایەڵی خوداو پێغەمبەرەکەی بکەن(ﷺ) وەجیاواز مەبن‌و دووبەرەکی مەکەن بە هۆیەوە بشکێن‌و لاواز ببن‌و هێزتان نەمینت).

موسوڵمانی بەڕێزو خۆشەویست لەم ئایەتە پیرۆزەوە ئەومان بۆ دەرکەوت کە دووبەرەکی‌و تەفرەقەو حیزبایەتی بەرەو شکست‌و نەمان‌و لەناوبردن دەمانبات نەك بەرەو برایەتی‌و خۆشەویستی نیوان موسوڵمانان‌و سەرکەوتنی ئیسلام بمانبات.

بەڵێ ڕاستە حیزبایەتی کردنی تاقمە ئیسلامیەکان بە ناو دینەوە سوودی بەرپرس‌و ئەمیرو سەرکردەو

حیزبەکەیانی تیادایە لە ڕووی دونیاوە بۆیە کردوویانە بە وەسیلەو هۆکار بۆ گەیشتن بە دەسەلاّت، بەلاّم کام دەسەلاّت؟ ئەو دەسەلاّتە شەرعیەی کەخوداو پێغەمبەرەکەی(ﷺ ) دەیانەوێت یاخود ئەو دەسەلاّتەی کە حزبەکان خۆیان دەیانەویت؟ بێگومان ئەوەی خۆیان دەیانەوێت نەك خوداو پێغەمبەرەکەی(ﷺ ). بۆیە ئەم حیزبانەی کە ئەمڕۆ هەن لەجیهاندا بەگشتیو لە کوردستانیشدا بەتایبەتی ئامانجیان سەرکەوتنی خۆیانە نەك دینی خوا، بەوەش نەخەڵەتێین کەووشەی پیرۆزی ئسلامیان بەخۆیاندا هەڵۆاسیوە بۆ نمونە حیزبی ئسلامی یان کۆمەڵی ئیسلامی یان یەکگرتوی ئیسلامیو جگە لەمانەش. بۆیە بەوە نابن بە حیزبی کە ناوی حیزبەکانیان داوەتە پاڵ وشەی پیرۆزی ئیسلام بۆیە هەر لەو شتانەی کە دوبارە زیادیان کردووە بەناو دینی خوداوە وەك( گۆرانی ئیسلامی، سرودی



ئیسلامی، مۆسیقای ئیسلامی، هەڵپەڕکێی ئیسلامی، بیرەی ئیسلامی، ئیشتراکی ئیسلامی، ئازادی ئیسلامی، دیموکراتی ئیسلامی، هەڵبژاردنی بە ناو ئیسلامی، هزری ئیسلامی، بانکی ئیسلامی، فەلسەفەی ئیسلامی) ماوەیەکی تر ئەگەر وا بڕواتو لەخوا نەترسن ئەوا پێدەچێت( ؟؟؟؟؟؟؟ ئیسلامیش پەیا بکەن ) وەك چۆن لای ڕافیزە هەیە.

لەخوا بترسن کەی ووشەی پیرۆزی ئیسلام دەبێت لەگەڵ ئەو ووشە نادروستانە لەیەك بدەین.

ئایا موسوڵمانان بابزانین خوای گەورە دەیەوێت ئێمە دینەکەی سەربخەین یاخود حیزبەکان؟

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تَنصُرُواْ ٱللَّهَ يَنصُرۡكُمۡ وَيُثَبِّتۡ أَقۡدَامَكُمۡ ٧ ﴾ محمد: ٧.

واتە: (ئەی گرۆی بڕواداران ئەگەر بەرنامەو دینی خودا سەربخەن ئەوا خودا سەرتان دەخات وەپێیەکانتان

جێگیر دەکات)، وە هەر لە وێنەی ئەم ئایەتە پیرۆزەدا
خوای گەورە فەرموویەتی:
﴿... وَلَيَنصُرَنَّ ٱللَّهُ مَن يَنصُرُهُۥٓ ...﴾ الحـــج: ٤٠ ،
واتە: (خودای گەورە ئەو کەسانە سەر دەخات کە بە
ڕاستی دینە پیرۆزەکەی سەردەخەن).
پاداشت دانەوە بە گوێرەی کردەوەیە هەر وەك خوای
گەورە دەفەرمووێت: ﴿ جَزَآءً وِفَاقًا ﴿٢٦﴾ ﴾ النبأ: ٢٦ .
بۆیە موسڵمانان هەر وەك ڕوون بووەوە سەرکەوتن‌و
سەرفرازی‌و سەرخستنمان تەنها لە شوێن کەوتنی
قورئان‌و سوننەت دایە بە تێگەیشتنی سەلەف، نەك لە
حیزبایەتی کردن‌و حیزب دروست کردن، ئەگەر ئەم
حیزبە بەناو ئیسلامیانە ڕاست دەکەن کە حیزبایەتی
کارێکی شەرعی‌و دروستە با یەك (١) بەڵگەی قورئان‌و
فەرموودە بهێنن لە سەر کارەکەیان.. بە پێچەوانەوە
چەندها ئایەت‌و فەرموودە هەیە لەسەر حەرامێتی



حزبایەتی‌و تەفرەقە. خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ ...
قُلْ هَاتُوا۟ بُرْهَـٰنَكُمْ إِن كُنتُمْ صَـٰدِقِينَ ﴿١١١﴾ ﴾
البقرة: ١١١. واتە: (پێیان بڵێ با بەڵگەکەیان بهێنن
ئەگەر ڕاست دەکەن‌و ڕاستگۆن). وەهەروەها
فەرموویەتی: ﴿ ...قُلْ هَلْ عِندَكُم مِّنْ عِلْمٍ فَتُخْرِجُوهُ
لَنَآ ۖ إِن تَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ وَإِنْ أَنتُمْ إِلَّا تَخْرُصُونَ ﴿١٤٨﴾ ﴾
الأنعام:١٤٨ ،
واتە: ( پێیان بڵێ ئایە هیچ بەڵگەو زانستێکتان پێیە
بۆمانی وەدەربنێن؟ یاخود تەنها شوێنی گومان
کەوتونەو بەڕاستی ئێوە کەسانێکن تەنها درۆ دەکەن).
وە ئەگەر بەڵگەیان نەبوو لەسەر حیزبایەتیەکەیان ئەوا
پێیان دەڵێین وەك خودا فەرموویەتی لە قورئانە
پیرۆزەکەیدا: ﴿ ...فَإِذْ لَمْ يَأْتُوا۟ بِٱلشُّهَدَآءِ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ عِندَ
ٱللَّهِ هُمُ ٱلْكَـٰذِبُونَ ﴿١٣﴾ ﴾ النور: ١٣ ، واتە: (ئەگەر

شایەتو بەڵگەکانیان نەهاورد بەڕاستی ئا ئەوانە لەلای خوای گەورە کەسانێکی درۆزنن).

وە زۆر بوونی فەتوای زانایانی ئەهلی سوننەو جەماعە سەبارەت بەم بابەتانە بەڵگەیە لەسەر ترسناکی بابەتەکە لە ناو موسڵمانان، بۆیە فەتوای زانایان ئامۆژگاریە بۆ تێکڕای موسڵمانان نەك تەنها لەکەدارکردنی ئەهلی هەواوو ئارەزو بێت، وە هاوردنی ئەم فەتوایانە لەم پەرتووکەدا لەوانەیە خوێنەرێکی بەڕێز بڵێت پەیوەندی نییە بە کۆمەڵو تاقمەکانی لای ئێمەوە، منیش دەڵێم نەخێر پەیوەندی هەیە بە هەر شوێنێکەوە کە پەرتەوازە بوونی موسڵمانانی تێدابێت، بۆیە بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتانە زۆر گرنگە وەبە پشتیوانی خوای گەورە دەبێتە هۆی پاراستنی برایانو خوشکانی ئەهلی سوننەو جەماعە لە پارچە پارچە گەرێتی **انشاء الله**.



وە عیلاجو چارەسەریش دەبێت بۆ ئەو براو خوشکە موسڵمانانەی کە تا ئێستا لەناو ئەو تاقمو حیزبانەدان بۆ ئەوەی واز بهێننو دەست هەڵبگرن لە حیزبایەتی.

وە دیارە لەم بارەوە نامیلکەو بڵاوکراوەو پەرتووك زۆر نوسراون زۆر لەم پەرتووکە بە تێرو تەسەلتر باسکراون بەڵام **انشاء الله** هەر پەرتووکێك سوودی خۆی دەبێت.

لەوانە باشترینیان: حیزبایەتی لە تێڕوانینی زانایانی ئەهلی سوننەوە/نوسینی برای بەڕێزمان کاك دکتۆر (هیوا نجم الدین)، وە فەتوای گەورە زانایانی ئەهلی سوننەو جەماعە سەبارەت بە حیزبایەتی /نوسینی مامۆستا(پێشینی ڕێناس) وە جگە لەمانەش.

لە کۆتایدا داواکارم لە خوای گەورە بە ناوە جوانەکانیو سیفاتە بەرزەکانی کە موسڵمانان کۆ بکاتەوە لە ژێر ڕۆشنایی قورئانو سوننەت بە تێگەیشتنی سەلەفی صالح لە هەر کوێ هەن، وە

هـەروەها بەهەشـت بـە قـسمەتمان بكـاتو لـە ئـاگری دۆزەخ بە دورمان بگرێت **انشاء الله.**

**وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه اجمعين آمين**

**(ابو مسلم) عبدالله خالد عبدالحميد**

٢/١٤(صَفَر)/١٤٣١ كۆچی

٢٩/ ١/ ٢٠١٠ زاینی

ڕۆژی هەینی - چەمچەماڵ



## پێشەكی ئامادەكار:

الحمد لله وحده، والصلاة والسلام على من لانـــبيَ بعدهُ، نبينا **محمد** وآله وصحبه وسلم.

لەپاشـانـدا، پێویـستە لەسـەر پـارێزەرانو ڕاگرانـی بیروبـاوەڕی ئیـسلامی پـاك و بێگـەرد كـە هەسـتن بـە دەرخـستنو ئاشـكراكردنی هـەموو شـتێكی خـراپ و نادروستی دوژمنانی دەرەكی لە گـاورو جولەكـەكان وە دوژمنانی ناوەوە لە تاقمە حیزبی‌یەكان بۆ زەرەردان لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام، وە ئەركی پاراستنی یەك ڕیزی موسـڵمانان لـە نـاوەوە وەكـو پاراسـتنی یـەكریزی موسڵمانان وایە لە دەست دوژمنێكی دەرەكی.

خوای پەروەردگار دەفەرمێت: ﴿وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّـهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا﴾ [آل عمران: ١٠٣] .

واتە " هەمووتان دەست بگرن بـە دیـن و قورئانەكـەی خوای گەورەوە بەڵام پارچە پارچە مەبن"

وە ئێمە سوپاس بۆ خوا لەسەر کارێکی کۆین لە شتە بنەمایەکان (بیروباوەڕ) و شتە لقێکان (فیقە) لەژێر ڕۆشنایی قورئان و فەرموودەکاندا...

بۆیە لە پێویستی‌یەکانی دەست گرتن بە قورئان و سوننەتەوە ئەوەیە کە بەرگری بکەین لە سوننەت.

وە هەروەها نەهێشتن و لابردنی هەر شتێکی خراپ کە تێکەڵ کراوە بە ئایینی پیرۆزەوە لە لایەن تاقمە حیزبی‌یەکان. هەروەك درێژەدان و ڕۆیشتن لەسەر ڕێبازی پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) وە ئەمە بنەمایەکە لە بنەماکانی ئەهلی سوننەو جەماعە، وە بەشێکیش لە جێبەجێ کردنی ئەو بنەمایە هەڵوەشاندنەوەیانە بۆ شتە خراپ و نادروستەکانی خاوەن هەواو ئارەزوەکان لە هەڵمەتە زۆر چڕو پڕو جولاَندنەوە توندەکانیاندایە، بۆ ئەوەی بیرو باوەڕەکان



بە پاکی و بێگەردی بمێننەوە لەسەر میرات گرێتی پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام).

**وصلى الله على نبينا وعلى آله وصحبه وسلم**

بسم الله الرحمن الرحيم

## سەرەتا

## ( پێویستە گەنجان و خەڵکی بە گشتی ئاگادار بکرێنەوە لە کۆمەڵ و حیزب و پارچە پارچە گەرییەکان )

**فەتواکانی شێخ صالح الفوزان خودا بیپارێزێت . ئەندامی دەستەی گەورە زانایان و ئەندامی لیژنەی هەمیشەیی بۆ فەتوا دان لە وڵاتی سعودیە...**

**پرسیار کرا لە بەڕێز شێخ صالح الفوزان:** ئایە بۆ زانایان دروستە کە ترسناکی حیزبایەتی و پارچە پارچە گەرێتی و تاقم تاقم گەرێتی نێو موسڵمانان بۆ گەنجان و خەڵکی سادەو گشتی ڕوون بکەنەوە؟



**بەڕێزی وەڵامی دایەوە:** بەڵێ پێویستە ترسناکی حیزبایەتیو ترسناکی بەش بەش بوون و پەرتەوازەبوونی نێو موسڵمانان ڕوون بکرێتەوە[(١)] .

بۆ ئەوەی خەڵکی چاو ڕۆشن بن لەبەر ئەوەی تەنانەت ئێستا خەڵکی سادەو گشتی خەڵەتاون بە هەندێ لەو کۆمەڵ و تاقمانە وا دەزانن ئەوانە لەسەر حەق و ڕاستین. بۆیە پێویستە ترسناکی حیزبایەتی و تاقم گەرێتی ڕوون بکەینەوە بۆ خەڵکانی فێرخواز و خەڵکی سادەو گشتی. لەبەر ئەوەی ئەگەر زانایان بێدەنگ بن خەڵکی دەڵێن. زانایان ئەم شتانەیان دەزانی بەڵام

---

(١) خەڵکی نەفام دەست پێدەکەیت لەگەڵیدا بە حیکمەت و بە نەرمی، وە ئەگەر هەندێ پشت هەڵکردنمان لێی بینی ، ئامۆژگاری دەکرێت وە دەیترسێنیت بە سزای خوای گەورە. وە ئەگەر بینیمان ئەو کەسە کە حەق و ڕاستی وەرناگرێ وە دەیەوێت حەق و ڕاستی بەرپەرچ بداتەوە بەهێز ئەوە لەو کاتەدا و لەبەرامبەردا بەهێز وەڵام دەدرێتەوە. بڕوانە پەرتووکی (**ظاهرة التبديع**) ی شێخ صالح الفوزان ص٥٠.

**بێدەنگ بوون لەئاستی. بۆیە گومڕابوون لەم دەرگایەوە تێكەڵ بەخەڵكی دەبێت.**

**بۆیە پێویستە كاتێك كە ڕوداوی لەم چەشنە دێتە كایەوە ڕوون بكرێتەوە[٢]، وە ترسناكی حیزبایەتی لەسەر خەڵكی سادەو گشتی زۆرترە وەك ترسناكی لەسەر خەڵكانێكی فێرخواز. لەبەر ئەوەی خەڵكی سادەو گشتی لەگەڵ بێدەنگ بوونی زانایاندا وا گومان دەبەن ئەم حیزبایەتی‌یە شتێكی ڕاستە. وە هەر ئەمەش حەقە[٣].**

---

(٢) هەروەك تاقمێكی زۆر هاتونەتە كایەوە لەم سەردەمەدا وەك تاقمی الاخوان المسلمين وە تاقمی التبليغ وە تاقمی التكفير وە تاقمی السروريه وە تاقمی القطبية وە تاقمی عبدالرحمن عبدالخالق (التراثيين)... وە هەتا دوای ..، بۆیە زۆر پێویستە ترسناكی ئەم تاقمە لەڕێ لادەرانە لە ڕوی پرۆگرام و بۆچونیانەوە ڕوون بكرێتەوە.

(٣) تەماشای پەرتوكی (ما يجب في التعامل مع العلماء . شيخ صالح الفوزان ص٢٨ والأجوية المفيدة لە ص٦٨).



**وە هەروەها پرسیار كرا لە بەڕێز شێخ صالح الفوزان:**

**ئایا ئاشكرا كردن و ڕوون كردنەوەی ئەو هەڵانەی كە لە ناو پەرتوكەكانی حیزبی‌یەكانن یاخود هەڵەی ئەو كۆمەڵانەی كە هاتوونەتە ناو وڵاتەكەمانەوە بە لەكەدار كردنی بانگخوازان دەژمێردرێت؟**

**بەڕێزی وەڵامی دایەوە:** نەخێر ... ئەمە لەكەدار كردن نی‌یە بۆ بانگخوازان[٤].

---

(٤) بانگخوازكارانی ڕێبازی سەلەفی قسەكردن بەئەهلی بیدەع و گومڕاكاران و تاقمە حیزبی‌یەكان كە ئەمڕۆ هەن لەسەر گۆڕەپان و ئاگاداركردنەوە لە خۆیان و لە كتێبەكانیان بە لەكەدار كردنی بانگخوازان نازانن، وە هەروەها قسەكردن بەخودی ئەو كەسانە، بەڵكو ئاگاداركردنەوە لە ئەهلی بیدعە بەخودی كەسەكان و ئاگادار كردنەوە لە پەرتوكەكانیان، ئەوە بەشێكە لە ڕێبازی سەلەفی صالح. وە بەڵگەش لەو بوارەوە زۆرە لە كتێبەكانی فەرموودەدا، وە لە كتێبەكانی (الجرح والتعديل)دا ـ واتە: برینداركردن و ڕاست كردنەوە بەڵكو زانایان بەهۆی باسكردنی ئەهلی بیدعەوە خۆیان لە خوای گەورە نزیك دەكردەوە.

لەبەر ئـەوەی ئـەم پەرتوکانـە پـەرتوکی بـانگ خـوازی نین، وە ئەوانەی خاوەن ئەم پەرتوك و بۆچونانەن لـەو بانگخوازانە نـین کـە بانگـەواز دەکـەن بـۆ ڕێگـای خـوا لەسەر چاو ڕۆشنی و بەڵگەو زانست. وە لەسەر ڕێگەی ڕاستیش نین .

وە ئێمـە کاتێـك هەڵـەی ئـەو پەرتوکانـە یـاخود ئـەو بانگخوازانە ڕوون دەکەینەوە، بۆ ئەوە نی‌یە خودی ئەو کەسانە بریندار بکەین کە ناویان فلاَنە کەسە، بەڵکو لە ڕووی ئامۆژگاری‌یەوەیە بۆ ئوممەتی ئیسلام[٥]، نـەوەك

(٥) وە ئەگەر بێتو ئەو شتە لە بابەتەکانی جرحی پیاوان بێت لـە دادپـەروەری و ڕاستگۆییان بێت وە بۆ ئـەوەی کـەس پێـی نەخەڵـەتیٚ، ئائەمـە زۆر هەیە لەناو کتێبەکانی الجرح والتعدیل ، وە لە پەرتوکـەکانی پیـاوان و ژیان نامە، وە هیچ شتێکی تیا نی‌یە بۆ هەر کەسێك کـە ئـەهل بێـت واتە شایستە بێت بۆ ئەو شتە. وە ئەمـەش بـۆ پێناسـە کردنـی حـاڵ و هەڵـسوکەوتی ئـەو کەسـەیە ، وەهـەروەها بـۆ ئاگادارکردنـەوەی خەڵکیە لێیان نەك بۆ خۆشی و ئارامی دان بە خۆیان.



بۆچوونی خراپیان فێربکەن پـاش ئـەوە ببێتـە کێشەو فیتنە، وە یەك دەنگی موسڵمانان پارچە پارچە بکرێت وە هەروەها کۆمەڵی موسڵمانان پەرتـەوازە بـبن، ئێمـە مەبەستمان کەسەکان نی‌یە، بەڵکو مەبەستی ئێمە ئەو بۆچونانەیە کـە لـەناو ئـەو کتێـب و پـەرتوکانەدایـە کـە بلاَوکراوەتەوەو نێردراوە بۆمان بەناوی بانگەوازەوە[٦].

(٦) تەماشـای الأجوبة المفیدة عن أسئلة المنـاهج الجدیـدة بکـە لاپـەڕە ٦٨.

بسم الله الرحمن الرحيم

**الحمدالله الذي بنعمته تتم الصالحات، وصلى الله علــى سيدنا محمد النبي الأمي وآله وسلم، وبــالله نــستعين، وحسبي الله ونعم الوكيل.**

**پرسیار کرا لە شێخ عبدالعزیز بن باز (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) سەبارەت بـە فەرموودەکـەی پێغەمبـەر ﷺ**

**(... وستفترق أمتي على ثلاث وسبعين فرقة، كلــها في النار إلا واحدة، قلنا: من هم يارسول الله ﷺ؟ قال: من كان على مثل ما أنا عليه اليوم وأصحابي )[٧]**

**واتــای فەرموودەکــە: ( ... لــە داهاتویــەکی نزیکــدا ئوممەتەکەم دەبێتە (٧٣)حـەفتاو سێ تاقمـەوە، هـەر**

(٧) صحيح: رواه الطبراني في المعجم الكبير رقم ٧٢٤ والحاكم في المــستدرك رقم ٤٤٤، وصححه الألبــاني في صــحيح ســنن الترمــذي رقــم ٢٦٤١.وعلي حسن الحلبي في الأربعون حديثا في الــدعوة والــدعاة ص١٤-١٥.



**هەموویان بۆ ئاگرن تەنها یەکێکیان نەبێت: هاوەڵان(رضي الله عنهم) فـەرموویان: ئەوانـە کێن ئـەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ؟ فەرمووی: ئەوانـەن کـە لەسـەر ئـەو بەرنامەیـەن کـەوا ئەمڕۆ من و صەحابەکانمی لەسەرین ).**

**ئایـا کۆمــەڵی تــەبلیغ لەگــەڵ ئــەو هــەموو شــیرك و بیدعەیـەی کـە هەیانـە وە کۆمـەڵی الآخـوان المـسلمین لەگــەڵ ئــەو حیزبایــەتی و دژایــەتی کردنــەیان بــۆ کاربەدەستان وە نەبوونی گوێگرتن و گوێڕایەڵی کردنی کاربەدەستان و فەرمان ڕەوایانی موسڵمانان ئایە ئـەم دوو تاقمــە لــەو تاقمانــەن کــە لــە فەرموودەکــەدا هاتوون[٨].**

**بــەڕێزی لەوەڵامـدا فــەرمووی: هەرکەسـێك پێـچەوانەی بیرباوەڕی ئەهلی سوننەو جەماعە بکات ئەوا دەچێتە ناو**

(٨) پرسیارکەر کاتێك باسی تەبلیغ و ئیخوانی کرد لە لای پێشەوا شێخ بـن باز (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) خۆی بڕوای بە وەلامەکەی شێخ هەبوو وە ئینکاری لەسەر نەدەکرد بەئاگابە.

ئەو (٧٢) حەفتاو دوو تاقم و فیرقەیەوە ... وە ئەوانە بیدعەچێتی خۆیان ئاشكرا كردووە بۆیە لە (٧٢) حەفتاو دوو تاقمەكەن[٩] ... ، وە ئەو تاقم و فیرقانە تیایان هەیە كافرە، وە تیایان هەیە سەرپێچی كار و تاوانبارە وە تیایان هەیە بیدعە چییە....

پرسیار كەر: ئایا ئەم دوو تاقمە واتە تەبلیغ و ئیخوان لە (٧٢) حەفتاو دوو تاقمەكەن؟

بەڕێزیان وەڵامی دایەوە: ( بەڵێ لە (٧٢) حەفتاو دوو تاقمەكەن... وە خەواریجیش لە (٧٢) حەفتاو دوو تاقمەكەیە[١٠] ... ).

پرسیار كەر: خوداپاداشتی خێرتان بداتەوە ئەی شێخ.

---

(٩) شێخ بن باز (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) تاقمی ئیخوان و تاقمی تەبلیغی خستە ڕیزی (٧٢) حەفتاو دوو تاقمەكەوە وریای ئەمە بە، وە هەندێ تاقمی دیكەشی لكاند بەوانەوە.

(١٠) أسئلة الطائف لە كاسێتێك دایە كە لە ساڵی ١٤١٩ھ تۆمار كراوە.



شێخ صالح الفوزان (خودا بیپارێزێت) لە پەرتوكی ( لمحة عن الفرق الضالة ص٥٩-٦٠) دا فەرموویەتی:

( ئا ئەم كۆمەڵ و تاقمانەی لەم چەرخەدا هەن ئێستاكە[١١]، پێچەوانەی كۆمەڵی ئەهلی سوننەن هیچ شتێك نین تەنها درێژكەرەوەی ئەو تاقمە گومڕایانەنەبێت وە لقێكن لەوان).

---

(١١) وەك (تاقمەكەی حسن البنا (الإخوانية)، وە تاقمەكەی حسن الترابی (الترابية)، وە تاقمەكەی سيد قطب (القطبية)، وە تاقمەكەی محمد سرور (السرورية)، وە تاقمەكەی محمد إلياس (التبليغية)، وە تاقمەكەی عبدالرحمن عبدالخالق (التراثية)، وە تاقمەكەی محمود الحداد (الحدادية)، وە تاقمەكەی الحبشي (الحبشية)، وە تاقمەكەی أحمد ياسين (حماس)، وە جگە لەمانەش.

**وە پرسـیار کـرا لــە شـێخ صـالح الفـوزان (خـودا بیپارێزێت):** ئایە ئەم کۆمـەڵ و تاقمانـە دەچـنە ڕیـزی ئەو (٧٢) حەفتاو دوو تاقم و فیرقە بەهیلاك چوانەوە؟

**بەڕێزی وەڵامی دایەوە[١٢]:**

( بەڵێ، هەموو ئەوانەی کە پێچەوانەی ئەهلی سوننەو جەماعە دەکەن لەوانەی کە خۆیان دەدەنە پاڵ ئیسلام لـە بانگـەواز کردنـدا یـاخود لـە بیروبـاوەڕدا یـاخود لـە شتێك لە بنەماو بنچینەکانی ئیماندا ئەوا ئەوان دەچـنە ڕیزی ئەو (٧٢) حەفتاو دوو فیرقـەو تاقمانـەوە کـە لـە فەرموودەکـــەدا هـــاتووە، وە هەڕەشـــەی خـــوای پەروەردگار دەیان گرێتەوە، وە هـەروەها سەرزەنشت دەکرێت و سزا دەدرێت و تۆڵەشی لێ دەسێندرێتەوە بە گوێرەی سەرپێچی کردنەکەی).

---

(١٢) لە پەرتوکی الأجوبة المفيدة عن أسئلة المناهج الجديدة ص١٦.



وە شێخ محمد ناصرالدين الالباني (ڕەحمەتی خوای لێ بێـت) لـە فەتاواکەیـدا ص١١٤ فەرموویـەتی: ( ئـا ئـەم حیزبانەی کە هەن. بڕوامان وا نـی‌یـە کـە لەسـەر ڕێگـا ڕاستەکەی خوای گەورە بن. بەڵکو یەکلای دەکەینـەوە و دڵنیاین کە ئەم حیزبانـە لەسـەر ئـەو ڕێگەیـەن کـەوا لەسەر هـەر ڕێگـەو ڕێـچکەیەك لـەوان شـەیتانێك هەیـە خەڵکی بانگ دەکات بۆ لای خۆی).

وە شێخ بکر بن عبـدالله أبـو زیـد (ڕەحمـەتی خـوای لێ بێت) فەرموویەتی[١٣]: بـا پێیـان بڵـێین تاقمـەکان نـەك کۆمەڵەکان ( ئەو کەسەی خۆی دەداتە پاڵ ئەم کۆمەڵە حیزبـــیـــە ناشــــەرعییانە ئــــەوە بــــە بیدعەچــــی دەژمێردرێت).

---

(١٣) لە پەرتوکی (حكم الانتماء ص١٠٣).

وه شێخ صالح الفوزان فەرموویەتی[١٤]: ( ئەو تاقمانەی کەوا پێچەوانکارییان هەیە بۆ قورئان و سوننەت ئەو کەسەی کە خۆی دەداتە پاڵیان ئەوە بە بیدعەچی دەژمێردرێت).

کەسی بیدعەچی هەروەك ئیمامی الشاطبي (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی[١٥]: ( بەرهەڵستکاری شەرعەو دژایەتیشی دەکات).

بانگخوازانی ڕێگای حەق و ڕاست وا دەبینن کە ئەم تاقم و کۆمەڵانە هیچ شتێك نین تەنها ئەو کۆمەڵە گومڕایانە نەبێت کە پێغەمبەر ﷺ هەواڵی لە بارەوە داوە وە ئاگاداری کردوینەتەوە بەوەی کە نەچینە ناویانەوە، زانایان وا دەبینن کە ئەم تاقمانە هیچ شتێك نین تەنها درێژبونەوەی ئەو تاقمە گومڕایانەی کۆن نەبێ.

(١٤) لە پەرتوکی الأجوبة المفيدة دا ص١٩.

(١٥) لە پەرتوکی الإعتصام ص٣٧دا .



شێخ صالح الفوزان (خودا بیپارێزێ) فەرموویەتی[١٦]: ( هەر کەسێك پێچەوانەی کۆمەڵی ئەهلی سوننە بکات ئەوا ئەو کەسە گومڕایە، لای ئێمە هیچ کۆمەڵێك نییە جگە لە یەك کۆمەڵ نەبێت ئەو کۆمەڵەش بریتییە لە ئەهلی سوننەو جەماعە، وە ئەوەی پێچەوانەی ئەم کۆمەڵە بکات ئەوا پێچەوانەی بەرنامەکەی پێغەمبەری کردووە ﷺ، وە هەروەها دەڵێین: هەر کەسێك پێچەوانەی ئەهلی سوننەو جەماعە بکات ئەوا ئەو کەسە دەچێتە ڕیزی ئەهلی هەواو ئارەزو و بیدعەکارانەوە، وە سەرپێچیەکان جیاوازن لە ڕووی حوکم دان بەسەریاندا بە گومڕایەتی بێت یان بە تەکفیر کردن بێت بە پێی گەورەیی و بچوکی و دووری و نزیکی لە حەق و ڕاستییەوە).

(١٦) لە پەرتوکی الأجوبة المفيدة دا ص.١٠

وه هەندێ لەو تاقم و فیرقە گومڕایانەی هاوچەرخیش ئەمانەن ( تاقمەكەی حسن البنا (الإخوانية)، وه تاقمەكەی حسن الترابي (الترابية)، وه تاقمەكەی سيد قطب (القطبية)، وه تاقمەكەی محمد السرور (السرورية)، وه تاقمەكەی عبدالرحمن عبدالخالق (التراثية)، وه تاقمەكەی محمد إلياس (التبليغية)، وه تاقمەكەی محمود الحداد (الحدادية)، وه تاقمەكەی الحبشي (الحبشية)، وه تاقمەكەی أحمد ياسين الحماسية (حماس)، وه جگە لەمانەش زۆرن ... هەن وه لە دروست بوون دان... !).

وه كاتێك دەڵێين: تاقم ياخود فیرقە ئا ئەمە باشترين ناوە كە ناوی هەر كەسێكی لێ بنێيت كە پێچەوانەی قورئان و سوننەت و مەنهەجی پێشينانی پياو چاك دەكەن.



ئا ئەمە ناوێكی دروست و شەرعی‌یە بۆی هەروەك چۆن پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرموودەی – تاقمەكاندا ناوی لێناون كە زانراو وناسراوە... بەڵام ئەم كۆمەڵانەی كە هەن هيچ شتێك نين جگە لە يەك كۆمەڵ نەبێت، ئەويش كۆمەڵی موسڵمانانە كەوا فەرموودەكە ئاماژەی پێكردووە.

شێخ صالح الفوزان فەرمويەتی[١٧]:

( هەر كەسێك پێچەوانەی ئەم بەرنامەيە بكات واتە بەرنامەی "سلف" "پێشينان" وه لەسەر بەرنامەيەكی تر بڕوات. ئا ئەو كەسە لە ئێمە نی‌یە وه ئێمەش لەو نين، وه خۆمان نادەينە پاڵی، وه با ئەويش خۆی نەداتە پاڵ ئێمە، وه پێی ناوترێت كۆمەڵ، بەڵكو پێی دەوترێت تاقمێك لە تاقمە گومڕاكان لەبەر ئەوەی كۆمەڵ نابێت تەنها مەگەر لەسەر حەق بێت. كۆمەڵ

(١٧) لە پەرتوكی الأجوبة المفيدة عن أسئلة المناهج الجديدة دا ص٧ .

ئەوەیە كە خەڵكی لەسەر كۆدەبنەوە، بەڵام ڕێگای بەتاڵ و پوچ ئەوەیە كە خەڵكی پارچە پارچە دەكات نەك خەڵكی كۆبكاتەوە. خوای گەورە جل جلالە دەفەرمێت "وإن تولوا فإنما هم فى شقاق" واتە "ئەگەر پشتیان هەڵكرد ئەوا ئەوان لە دوو بەرەكی دان).

والحمدلله وحده وصلى الله على رسولنا محمد النبي
الأمي وعلى آله وصحبه أجمعين.



## حیزبی‌یەكان كارەكانیان بنیاد ناوە لەسەر بنەمایەكی ناجێگیر

خوای گەورە فەرمویەتی: ﴿أَفَمَنْ أَسَّسَ بُنْيَانَهُ عَلَى تَقْوَى مِنَ اللَّهِ وَرِضْوَانٍ خَيْرٌ أَمْ مَنْ أَسَّسَ بُنْيَانَهُ عَلَى شَفَا جُرُفٍ هَارٍ فَانْهَارَ بِهِ فِي نَارِ جَهَنَّمَ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ﴾ [التوبة: ١٠٩] .

واتە: ﴿ جا ئایە كەسێ بناغەی مزگەوتەكەی دامەزراندبێت لەسەر خواناسیو بەدەست هێنانی ڕەزامەندی خوا چاكترە یاخود كەسێ بناغەی مزگەوتەكەی دامەزراندبێت لەسەر لێواری كەندەلأنێكی فشەڵ و ڕووخەك پاشان بە سەر خۆیدا بڕوخێتە ناو ئاگری دۆزەخەوە وە خوای گەورە ڕێنمایی كەسانی ستەمكار ناكات).

**تەواو بووم لە وەرگێڕانی ئەم پەرتووكە**
**لە ڕۆژی دووشەممە ١/١( محرم )/١٤٣٠**
**بەرامبەر ٢٨/١٢/٢٠٠٨**